ئەگەر گوێتان لە بانگ بوو، بانگدەر چی دەڵێت ؛ ئێوەش هەمان شت بڵێنەوە

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «»ئەگەر گوێتان لە بانگ بوو، بانگدەر چی دەڵێت ؛ ئێوەش هەمان شت بڵێنەوە.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئامۆژگاری دەکات بە وەڵامدانەوەی بانگبێژ ودووبارە ووتنەوەی بانگەکە لەپاش بیستنی، ئەمیش بەو شێوەیە دەبێت کە ئەوەی بانگبێژ دەیڵێت ؛ ئێمەیش بیڵێینەوە، ڕستە بە ڕستە، کاتێك تەکبیر دەکات -دەڵێت: الله أكبر- ؛ ئێمەیش بیڵێین، وکاتێك شایەتمان دەڵێت ؛ لەپاش ئەو بیڵێین، جگە لەم ڕستانە نەبێت: (حي على الصلاة، حي على الفلاح) واتە: (وەرن بۆ نوێژ، وەرن بۆ سەرکەوتن)، چونکە لەپاش ئەم ڕستانە ئێمە دەڵێین: (لا حول ولا قوة إلا بالله) واتە: (هیچ ڕێگایەکمان نییە بۆ دەربازبوون لەڕێگریەکانی پەرستشەکان وهیچ هێز وتوانایەکمان نییە لەسەر کردنی هەرشتێك مەگەر بە یارمەتیدانی خوای گەورە نەبێت).

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3013